# ڕفاندنی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجالان لە ڕۆژی 15-2 پەڵەیەکی ڕەشە بە نێو چاوانی هەڵگرانی مافی مرۆڤەوە.

**کانی هەڵەبجەیی**

**هۆڵندا**

Kani_awin@hotmail.com




**لەوەتەی هەیە کورد هەر ژێر دەستەو بە دەست دوژمنەوە دەناڵێنێ، بەشێکی کوردستانەکەمان کە تا ئەمڕۆش چاوەکانی تەڕن و خوێنیان لێ ئەتکێ باکوری وڵاتەکەمانە، ئاخۆ کەی بێ یەزدان دەستی بەزەیی بەسەر ئەم پارچە خەمگینەمان بێنێ و ڕۆژگار دەستی درێژ کاو فرمێسکەکانی بسڕێ؟**

**لە هەشتاکاندا لە ئەنجامی ئەو بارە نا هەموارە کە کوردستانی باکوری تێدا بو وە لە نێو ئەو بۆشاییە سیاسییەدا و لە ناو هەناوی گەلی کورددا پارتی کرێکارانی کوردستان لە دایک بو، لەگەڵ خۆشیدا سەرکردەیەکی بە ویقار و بە توانا و خاوەن فەلسەفە و خاوەن ستراتیژییەکی کوردی هێنا کە بڕوای بە یەک پارچەیی کوردستان و دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی لەسەر بنەمایەکی سۆشیالیستی هەیە کە بەڕەز عەبدوڵا ئۆجالانە.**

**پارتی کرێکاران بە هەمو ڕێگاکانی دیبلۆماسی هەوڵی دا کە گرفتەکانی گەلی کورد لە باکوری کوردستاندا چارەسەر بکات بەڵام بێ هودە بو..لە کاردانەوەی ئەمەدا بەڕێز ئۆجالان وەک ڕابەرایەتییەکی سیاسی شاخەکانی کوردستانی گرتە بەر و بڵێسەی شۆڕش گڕنگی دا و گەلی کورد بە تەواوی پێکهاتەکانیەوە دەوری ئەم سەرکردە لێهاتووەیان دا. وە لە هەمو قۆناغەکانی شۆڕشیشدا بە تاک لایەنیش بوبێ ئاگربەستی ڕاگەیاندووە بەڵام هیچ وەڵامێکی دەست نەکەوتوە لەلایەن ڕژێمی تورکیاوە.**

**زیانی ئابوری و مرۆڤی و ترسی ڕێبازەکەی بەڕێز ئۆجالان وای لە ڕژێمی تورکیا کرد بە هەڵەداوان لەگەڵ خاوەن بیر و بۆچونە شۆڤینییەکان بکەوێتە گفت و گۆ بۆ لە ناوبردنی شۆڕش و ڕێبەرەکەی. لە ئەنجامدا گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی دروست کرد کە سەرەکانی بریتی بون لە ئەمریکا، ئیسرائیل و هەنێ لە وڵاتە ئەوروپییەکان بەتایبەتی یۆنان، ئەوە بو بە ڕێکەوتن نامەیەکی گومان لێکراو کە گوایە سوریا و تورکیا لەسەر ئاوی فورات ڕێکدەکەون، لە کاتێکدا ئەمەش بە پێچەوانەوە بو ئەوە بو ئاویان کردە ژێر ئەو ڕێبەرایەتییە و لە لوبنان هەڵیانفڕیواند بەو نیازەی کە لە یەکێ لە دەوڵەتە ئەوروپییەکاندا مافی پەنابەرییێتی پێ بدرێ و لەوێوە ڕابەرایەتی شۆڕش بکات، بەڵام لەو ڕۆژە ڕەشەدا واتە 15–2 لە یەکێ لە دەوڵەتە ئەفریقیەکاندا ڕفێندراو ڕادەست بە ڕژێمی کۆنەپەرستی تورکیا کرا، .دوای ئەوەی هەمو دەرگاکانی ئەوروپای خاوەن مافی مرۆڤی بەسەردا داخرا. لە دوای ئەشکەنجە و ئازاردانی ئۆجالان لەلایەن عەسکەرتاریەتی تورکیاوە، لە دادگایەکی بێ بنەمادا حوکمی زیندانی تا هەتاییان بۆ بڕاندەوە،**

شایەنی ئاماژە پێکردنە باوەڕی جەماوەر بە کەسایەتییەکەی وای کرد کە ئەم بەڕێزە وەک سەرکردەیەکی پارتەکەی بۆ جارێکی دیش لە بەندیخانەکەیدا هەڵبژێردرایەوە بە سەرۆک وە لەوێشەوە هەمو کات بانگەوازی ئاشتی ڕادەگەیەنێ وە ئێستاش بە تاک لایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاندوە بەڵام ڕژێمی تورکیا وەک پیشەی نەگریسی هەموکاتەی خۆی هیچ وەڵامێکی ئەم ئاگربەستەشی نەداوەتەوەو دەڵێ کێشەیەک نیە لە تورکیا بە ناوی کێشەی کورد، ئەمەش زیاتر پێشێل کردنی مافی مرۆڤ دەگەیەنێ، بەڵام دوژمن خەیاڵی خاوە...ئێمە دوژمن دڵنیا دەکەینەوە تا سەرکردەیەکی وەک ئۆجالان مابێت، ئەو ڕێبازەی کە هەڵیگرتووە زیاتر بەرەو پێشەوە دەچی و گەریلاکان هەڵمەتی شێرانە زیاتر دەبەن و گەلی کوردیش هەر دەبێ بە مافی سەربەخۆیی خۆی بگات.

لە یاد کردنەوەی ئەم ڕۆژە ڕەشەدا ئێمەی گەلی کورد تێکڕا بە یەک دەنگ هاوار دەکەین سەرفرازی بۆ ئۆجالان و سەربەخۆیی بۆ کوردستان و ڕووڕەشی بۆ ڕژێمە دیکتاتۆریەکانی دژ بە کورد و کوردایەتی.